www.kurdistannet.org

3-10-2006 18:50بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# هەورامان لانکی شۆڕش وبەرخۆدان ودەڤەرێکی سووتاوو وێران. پارێزەر/رفعت هەڵەبجەیی

سوید

هیچ مرۆڤێکی دڵسۆزوخاوەن ویژدان نیە ئەو ڕاستیە نەزانێت کە دەڤەری هەورامان بەدرێژایی مێژوولانك وقەڵایەکی سەختی کوردایەتی بووە. بۆ هەموو شۆڕشە یەك لە دوا یەکەکانی گەلی کورد هەرلەداستانی خان (ئەحمەدخانی زەڵم ومحمود خانی دزلی یەوە هەتا شۆڕشەکانی ئەمڕۆ) شایەدی ئەو ڕاستیانەن. ناوچەی هەورامان بەهۆی سروشتی سەختیەوە هەمیشە قەڵغانێکی بەرگری بووە بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان هەرگیز دوژمنان نەیان توانیوە کۆنترۆڵی بکەن. هەورامان گابەردی نیە گولەی دوژمنی پێوە نەبێت ولادێ ی نیە نەڕوخابێت ورەزو باخی نیە نەسوتابێت یەکەم پرۆسەی ڕاگواستن لە هەورامانەوە لەساڵی 1978دەستی پێ کرد. سەرە ڕای ئەم هەموو خەبات وتێکۆشانەی ناوچەی هەورامان. کەچی بەداخەوە سەرکردە بێ ئەمەك وسپڵەکانی کورد، نەوەك هەر لایەکیان لێ نەکردۆتەوەوئاوەدانیان نەکردۆتەوە، بەڵکو دوای ڕاپەڕین جارێکی تر کردیانەوە جێگای ململانێی حیزبایەتی ودواتریش کردیانە مەیدانی شەڕی ناوخۆ بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان. خەڵکی هەورامان لەهیچ قۆناغێکی مێژوویدا ئەوەندە لاوازوو سادەو ساویلکە نەبوون بەرامبەر بە دەسەڵات خەڵکی هەورامان لە سەردەمی زێڕینی دا لەسەدەی 19 و20 هەمیشەخاوەنی دەسەڵاتی خۆیان بوون وفەرمانڕەوا بوون بە سەر ناوچەکانی تری کوردستاندا. کە چی بەداخەوە وا ئەمڕۆ بەهۆی کۆمەڵێ بەرپرسی هەورامی لاوازو بەرژەوەند پەرست و دەروێشەوە ئەم دەڤەرەو خەڵکەکەی بونەتە سوتەمەنی وهیچ حیزبو لایەنێك خۆی بەخاوەنی نازانێت، چونکە ئەمڕۆ خاوەنی حکومەت وبەرلەمانن وپێویستیان بەچیاکان ولادێکانی هەورامان نیە. تا جارێکی تر تەنگاو ببن وئاش بەتاڵێکی تربکەن ئینجا ئەوساکە بە ڕاکردن و بێ شەرمانە پەنا دێننەوە بۆ چیا سەرکەشەکانمان. بە پیلانێکی ترو بە دەم وچاوو دەمامکێکی ترخەڵکی هەورامان هەڵ دەخەڵەتێنن. من وەکو تاکێکی خەڵکی هەورامان پێم شەرمە ئاوا مافە سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابووری و ڕۆشنبیریەکانی خەڵکی هەورامان ئاوا هەرزان فرۆش دەکرێت بەوحیزبە بێ ستراتیژوستەمکارانە ئەوانە چیان بۆ خەڵکی هەورامان کردوە بێجگە لە نەهامەتی ووێرانکاری بە بیرتان نایەت چۆن لە شۆڕشی ئەیلولدا لەو پەڕی دنیاوە دەهاتن پیاوە ئازاو قارەمانەکانی هەورامانیان شەهید دەکرد تەنیا لەسەر ئەوەی کە زوڵم و زۆری عبدلوەهاب ئەتروشیان قەبوڵ نەدەکرد شە هیدی نەمر کەمالی ئەحە ڕووش زیندوترین بەڵگەیە. وەکو کورد وتویەتی حەق دەسێنرێ نادرێت چاوەڕێ ی ئەو دوو حیزبە مەبن حەقتان بدانێ دەبێت دەست بکەن بە چاویاندا مافەکانی خۆتانیان لێ بسێنن. لەوە عەیب تر نیە مرۆڤ خاوەنی ژیری بێتو (العقل) کەچی گوێ ڕایەڵی کوێرانەی دەسەڵات بکات بە خۆڕایی ئەو زوڵم وستەمەی لەدەسەڵاتی کوردیم بینی بەرامبەر بەخەڵکی هەورامان لە ڕژێمی بەعسم نەدی بۆیە پەیامی خۆم دەنێرم بۆ ڕۆشنبیرەکان وسیاسەت مەدارانی هەورامان و ئەم پرسیارەیان ئاراستە دەکەم سوێندتان دەدەم بەخوێنی شەهیدان شەرم نیە بۆ ئێمەی هەورامی دوای ئەو هەمووخەبات و تێکۆشان وماندوو بوونەی کە بۆ شۆڕش کردومانە ئێستا ئەنفالچیەکان خاوەنی دیواخانی گەرموئۆتۆمۆبیلی دوایین مۆدێل ودەفتەرە دۆلاربن وخەڵکی ئێمەش خاوەنی کەرو خانووی وشکە کەڵەك ودەرگای تەنەکەوپەنجەرەی لەوح کەچی سوێندیش بە سەری سەرۆکەکانی کورد بخۆین گەمژەیی مرۆڤ ئالێرەدا دەردەکەوێت کە دەبێتە پلیکانەوبەرژەوەند پەرستان بەسەریدا سەر دەکەون. تەنها جارێك ئاوڕ لە مێژووی زێڕینی خۆتان بدەنەوە بزانن پیاوە مەردەکانی هەورامان خەڵکە سیاسیە کۆنەکانی هەورامان چۆن ڕۆڵی حاکمیەتیان بینیووە وداردەست ودەروێشی کەس نەبوون بگرە خەڵك دەروێشی ئەوان بووە. یەکێك لەو کەڵە پیاوانە شێخ (حیسام

الدین) بووە کە وەڵامی نامەی مەلیك مەحمودیشی نەداوەتەوەوفەرمانەکانیشی جێ بەجێ نەکردووە کەچی پیاو ماقوڵەکانی ئەمڕۆمان نەوەك لەلای پێشمەرگە دێرینەکان بەڵکو لە لای ئەنفالچیەکان خزمەتکارن سوێند بە سەری ئەوان دەخۆن هیوادارم خەڵکی هەورامان چاوویان بکەنەوەو چیترمافەکانیان هەرزانفرۆش نەکەن وچاوو لە خەڵکی دەڤەرەکانی تر بکەن لە پێش خستنی ناوچەکەیان با بەر نەفرەتی مێژوو نەوەی داهاتوو نەکەوون...